

# سەرمایەداری لە قەیرانێکی بونیادیدایە

## گفتوگۆ لەگەڵ سەمیر ئەمین

سازدانی: جیپسۆن جۆن - جیسەش پی. ئێم

سەمیر ئەمین یەکێک بوو لە گەورەترین بیریارە ڕادیکاڵەکانی جیهان. لانیکەم لە چوار دەیەی ڕابردوودا سەرچاوەی ئیلهامی ئەوانە بووە کە خەویان بە دونیایەکی جێگرەوە و باشترەوە بینیوە. ئەمین وەک بیریارێکی مارکسیست، کە خاوەن ڕەسەنایەتی و داهێنانی تیۆریی قووڵە، لە ڕووی هزرییەوە بەردەوامە لە کۆمەک کردنمان لە تێگەشتن و شیکردنەوە و ڕەخنەکردنی سروشت و شێوازە بەسەرچووەکەی سەرمایەداری ئەمڕۆ، کە ئەویش دابەشبوونی بێوێنەی وڵاتانی باکوور و باشوور و پرۆسەی بەردەوامی ئیمپریالیزم ئەو ئایدۆلۆژیایانەی سەرمایەدارییە کە لەگەڵ دۆخی هەمیشەییدان.

ئەمین لە ساڵی 1931 لە قاهیرە لەدایکبووە. لە پەیمانگای (“Sciences po Politiques d’Etudes) لە پاریس خوێندنی باڵای تەواوکردووە و ساڵی 1952 پلەی دیبلۆمی بەدەستهێناوە. لە ساڵی 1958 بڕوانامەی دکتۆرای لەسەر «دواکەوتوویی لەسەر ئاستی جیهان» لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسا و بڕوانامەی دیبلۆمی لە ئاماری بیرکاری لە L’institut national de la statistique et des etudes economiques بەدەست هێناوە.

ئەمین لە ساڵی 1957ـەوە لە دەزگای پلاندانانی میسر کاری کردووە تاوەکو ساڵی 1960 لەلایەن ڕژێمەکەی جەمال عەبدولناسرەوە لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی دیکە ناچار دەکرێن وڵات جێبهێڵن. لە ساڵی 1960ـەوە بۆ 1963 لە وەزارەتی پلاندانانی وڵاتی مالی کاری کرد. دوای ئەوەی لە ساڵی 1966 لە فەرەنسا بوویە پرۆفیسۆر، بە ویستی خۆی بڕیاریدا لە Paris-Vincennes and Dakar لە سەنیگال وانە بڵێتەوە و لەوێ بۆ ماوەی 40 ساڵ بمێنێتەوە. لە ساڵی 1980وە بەڕێوەبەری کۆنگرەی لوتکەی جیهانی سێیە و لە ساڵی 1997یشەوە بەڕێوەبەری کۆنگرەی لوتکەی جیهانی بۆ ئەلتەرناتیڤەکانە. ئەمین وەک مارکسیەک کە لە باشوور یاخود ئەوەی پێی دەگوترێت جیهانی سێ ژیاوە سەرەتای لێکۆڵینەوەکانی بە شیکردنەوەی بابەتی «پێشکەوتن و دواکەوتوویی» لە وڵاتانی جیهانی سێی ژێردەستی سەرمایەداری دەستپێکرد. ئەو ئەم کێشەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرمایەداری. بە گوێرەی ئەمین، ئابووری جیهان لە سایەی سەرمایەدارییەوە بە شێوەیەکی هەرەمی و نایەکسان و بە سوودوەرگرتن لە ئەوانی تر کاردەکات، بە جۆرێک کە وڵاتانی جیهانی یەکەم لە باکووری زەوی لەسەر حسابی هەژاریی وڵاتانی جیهانی سێ لە باشووری زەوی بەرەو پێش دەچن و هەژموون دەگرنە دەست.

بە لای ئەمینەوە ئەم جۆرە بەرەوپێشچوونەی سەرمایەداری هەمیشە وەها لە وڵاتان دەکات پەنا ببەنە بەر بەکارهێنانی میکانیزمی کۆنترۆڵکردنی ئیمپریالیستانەی باشووری. ئەو پێی وایە «ئیمپریالیزم قۆناغێک نییە، تەنانەت باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری نییە، بەڵکو بۆخۆی هەر لەگەڵ فراوانبوونی سەرمایەدارییدا دێتە کایەوە». لە ڕێی ئەم گوزارشتەوە ئەو بۆچونە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێت ئیمپریالیزم لەسەر ئاستی جیهان بێدەنگ بووە و ئەوەی ئێستا هەیە ئیمپراتۆریەتە. ئەمین وەک داکۆکیکارێکی تیۆری پاشکۆیەتی، لە ساڵانی حەفتاکانەوە بەردەوام لەسەر ئەوە مکوڕ بووە کە ئەو سەرچاوانەی لە وڵاتانی پەراوێزی جیهانەوە دەردێن دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی وڵاتە سەرەکییەکانی باکووری جیهان. ئەو بەو زەوتکردنە لەرادەبەدەرەی وڵاتانی پەراوێز لە سەرچاوەکان دەڵێت «ڕانتی ئیمپریالیستی». ئەو پێی وایە لە سەدەی بیست ئەم جۆرە بەکارهێنانە ئیمپریالیستییەی باشوور بووە ڕێگەخۆشکەر و هۆکاری سەرهەڵدانی خەباتی ڕزگاریخوازی لە باشوور و هیواشی وایە هەمان شت دووبارە ببێتەوە لە بەرامبەر قۆرخکردنی سەرمایەی دارایی سەدەی بیستویەک.

ئەم چەمکی مۆنۆپۆلکردنی سەرمایەی داراییە، لە ساڵانی حەفتاکاندا بە واقیعی بینرا. بە گوێرەی سەمیر، ئەم پرۆسەی بەداراییکردنە وەک دژبەری ئاڕاستەی چەقبەستن و کەڵەکەکردنی سەرمایەداری سەرهەڵدەدات. ئەمین ئەوە روونەدەکاتەوە کە سیستمی سەرمایەداری جیهان لە ساڵی 1971ـەوە کەوتۆتە نێو قەیرانێکی دیکەی درێژخایەنەوە، کە ڕەنگە کۆتا قەیران بێت چونکە سەرمایەداری لە مەرگی خۆی نزیک بۆتەوە. بەڕای ئەو، سەرمایەداری لە مێژووی درێژی خۆیدا دوو قەیرانی بەخۆیەوە بینیوە، یەکەمیان لە ساڵی 1871ـەوە بوو بۆ 1945 و دووەمیان لە ساڵی 1971ـەوە دەستی پێکردووە و ئێستا لەناویدا دەژین. ئەنجامگیری و هۆشداری ئەو بۆ جیهان ئەوەیە سەرمایەداری بۆتە «سیستمێکی کۆمەڵایەتی بەسەرچوو». ئەم دۆخە ماددی و هەلومەرجە کۆنکرێتییەی قوناغی بەسەرچونی سیستمەکەیە وای کردووە سەرمایەداری بگات بەو داخوازییانە و پێویستیەکانی سۆسیالیزم وەک بژاردەیەک، پێش مرۆڤایەتی، بە زیندووی بهێڵێتەوە. ئەمین ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەگەر لە کۆتاییدا لەم تونێلە درێژە بێینە دەرەوە، دەچینە نێو سۆسیالیزمەوە، کە کۆمەڵگەیەکە ئامانج لێی تێپەڕاندنی «شەرعیەتی ئەو بەرەوپێشچونە ناوازەیەیە کە لە سەرمایەدارییەوە بۆمان ماوەتەوە»، ئەمەش بە پێدانی توانا و دەسەڵاتی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا بە مرۆڤەکانی سەرزەوی بەدی دێت.

ئەمین نوسەری ژمارەیەک کتێبە لەسەر کۆمەڵێک بابەت، لەوانە ئابووریی سیاسی، سۆسیالیزم، ئیسلامی سیاسی و کولتوور. کتێبی یۆرۆسەنتەریزم کە لە ساڵی 1988 بڵاوکرایەوە، بەرهەمی ڕاستەقینەی ئەمینە. ئەو بە «ڕەتکردنەوەی ئەو تێڕوانینە یۆرۆسەنتەرییە زاڵەی بۆ جیهان هەیە، کە بە شێوەیەکی بەرتەسک و هەڵە پێشکەوتنی جیهانی کۆنی یۆنان و ڕۆم دەبەستێتەوە بە دەرەبەگایەتی سەردەمی مەسیحیەت و سیستمی سەرمایەداری ئەوروپییەوە، ئەمین لێکدانەوەیەکی دیکەی ڕامالەر دەخاتە بەردەست کە تەرکیزی لەسەر ئەو ڕۆڵە مێژوویە گەورە و گرنگەیە کە جیهانی ئیسلامی پێشکەشی کردووە. یۆرۆسەنتەریزم وەک بابەتێکی کلاسیکی لە خوێندن و توێژینەوە ڕەخنەییەکاندا ماوەتەوە. کتێبە گرنگەکانی دیکەی ئەمین بریتین لە (داڕوخانی سەرمایەداریی هاوچەرخ- 2013 )، (ڤایرۆسی لیبراڵ- 2004)، (یاسای بەهای جیهانی- 2010)، (کۆتاییهێنان بە قەیرانی سەرمایەداری یاخود کۆتاییهێنان بە سەرمایەداری- 2010).

لەم چاوپێکەوتنە قووڵەدا لە داکارەوە، ئەمینی 86 ساڵ قسە لەسەر کۆمەڵێک بابەت دەکات لەوانە: جیهانگیری، بەگشتیکردنی سەرمایەی مۆنۆپۆلی، هۆشداریدان لە بارەی زۆربوونی نایەکسانی، ڕۆڵی دەوڵەت لە سەردەمی لیبراڵیزمی نوێ، جیهانگیری و پچڕانی پەیوەندی، سەرمایەداری و مۆدێرنە، گەڕانەوەی فاشیزم لە جیهانی سەرمایەداری هاوچەرخ، سەرهەڵدانی چەپ، پێویستیی سیاسەتی نێونەتەوەیی، بزووتنەوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، خەباتی شۆڕشگێڕانەی ئێستا، مۆدێلی گەشەی ئابووریی چین، کایەی سیاسی هاوچەرخی جیهانی عەرەبی، ڕەخنەکردنی یۆرۆسەنتەریزم، تیۆری پاشکۆیەتی، پەیوەستیی مارکسیزم بە سەردەمەوە، کۆنگرەی لوتکەی جیهانی سێ.

***

***تۆ جیهانگیریی هاوچەرخ وەک بەشێک و پاکێجێکی سەرمایەداریی مۆنۆپۆلی (قۆرخکاری) بەگشتیکراوی سەردەمی خۆمان پێناسە دەکەیت. چۆن مێژووی ئەم جیهانگیرییە دەستنیشان دەکەیت؟**

-جیهانگیری شتێکی نوێ نییە. جیهانگیری ڕەهەندێکی کۆن و

گرنگی سەرمایەدارییە. خەڵکی هیند لە هەموو کەس باشتر دەزانن. هیندییەکان لە سەدەی هەژدەوە تاوەکو سەدەی بیست لەلایەن بەریتانیاوە داگیرکراون و کراونەتە کۆڵەنی. ئەوەش جیهانگیری بوو. بەڵام نەك ئەو جیهانگیرییەی ئێوەی هیندی دەتانویست، بەڵکو ئێوە تێکەڵی سیستمی سەرمایەداری جیهانی کران. بەکۆڵەنیکردن یەکێك بوو لە شێوازەکانی جیهانگیری. بەڵام خەڵکی هیند لە دژی ئەمە خەباتی کرد و سەربەخۆیی خۆیان لە رێگەی کۆمەڵێك سەرکردەوە بەدەستهێنایەوە کە سەرکردەی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ نەبوون، بەڵکو سەرکردەی میللی-نەتەوەیی بوون، لەوانە غاندی و نیهرو. پارتی کۆنگرێس کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە دامەزرا، کار و هەنگاوەکانی بەرەوپێش بردن تاوەکو لە ساڵی 1947 سەربەخۆیی خۆتان بەدەست هێنایەوە، بەڵام دوو شتتان لەدەستدا. یەکەم، بەشێکی گرنگی هیندستان، کە ئێستا بۆتە پاکستان و بەنگلادش لەگەڵ بەشی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتی وڵاتەکە، لە هیندستان جیاکرانەوە. ئەوەش تاوانێکی کۆڵۆنیالیستەکان بوو. دووەم شت لە ماوەی گێڕانەوەی سەربەخۆیی خۆتان ئەوەبوو ئەو گێڕانەوەی سەربەخۆییە لەلایەن چینی بۆرژوازییەوە بە سەرکردایەتی پارتی کۆنگرێس، بە پاڵپشتی فراوانی جەماوەر و لەنێویشیاندا چینی کرێکار، ئەنجام درا. دوای سەربەخۆیی ساڵی 1947 جۆرێکی دیکەی جیهانگیری دروست بوو. جۆرە جیهانگیرییەك کە من پێی دەڵێم جیهانگیری رێکەوتن لەسەرکراو، کە لە ئەنجامی کۆنفرانسی ساڵی 1955ی باندوگ هاتە کایەوە. لە ساڵی 1955 نوێنەرانی گەلی چین و هیند و ئیندۆنیسیا و ژمارەیەك وڵاتی دیکە بۆ یەکەمجار لە ئیندۆنیسیا چاویان بەیەك کەوت. ئەمەش چەند ساڵێکی کەم دوای بەدەستهێنانەوەی سەربەخۆیی هیندستان و چەند ساڵێکی کەم دوای ئەوەی پارتی کۆمۆنیستی چینی چوونە نێو پەکینەوە، ئەنجامدرا: هاوکات چەند ساڵێکی کەمیش دوای وەرگرتنەوەی سەربەخۆیی ئیندۆنیسیا بوو لەژێر دەستی هۆڵەندا.

دواتر بە چاوی خۆمان جۆرێکی دیکەی جیهانگیریمان بینی. لەمڕۆدا بۆتە شتێکی زۆر باو کە دەوترێ جیهانگیری لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە دوو جەمسەرە بووە لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتیی سۆڤیەت و ئەو دوو جەمسەرییەش هاوکات بووە لەگەڵ شەڕی ساردی نێوان ئەو دوو وڵاتە. ئەمە لە بنەمادا



**ئێستا هیچ جیاوازییەك لەنێوان حوکمڕانی سۆسیالیستی یاخود سۆسیال دیموکراسی لە ئەورووپای خۆرئاوا و حوکمڕانی ئاسایی و تەقلیدیی پارتی ڕاستڕەودا نییە. ئەمەش مانای وایە لە سەرمایەی قۆرخکاری جیهانیدا هاوپەیمانن**



*Thomas Piketty*

هەڵەیە. ئەو جیهانگیرییەی کە لە دوای جەنگی ساردەوە لە ئارادا بووە، با بڵێین لە ساڵی 1945هوە بۆ 1980 یاخود 1990، ئەوە بووە کە ئێمە پێی دەڵێین جیهانگیریی ڕێککەوتن لەسەرکراو. ئەوەی هەبوو لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتیی سۆڤیەتدا نەبوو، بەڵکو لەنێوان ژمارەیەك وڵاتی هاوبەشدا بوو، یان یانی کەم لەنێوان چوار خێزانی هاوبەشدا بوو: یەکەمیان هاوپەیمانێتی ئیمپریالیستی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەورووپای خۆرئاوا لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان، لەوانە یابان و ئوستراليا و کەنەدا. ئەکتەری دووەمیش لە ڕاستیدا یەکێتیی سۆڤیەت بوو لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەو کاتەی ئەورووپای خۆرهەڵات. ئەکتەری سێیەم چین بوو کە لەگەڵ ئەوەی سەربە بلۆکی سۆسیالیستی بوو، لە ساڵی 1950وە بە ئاشکرا سیاسەتێکی سەربەخۆی هەبوو. ئەکتەرەکانی دیکەش ئەو وڵاتانە بوون کە لە کۆنگرەی باندونگ پێکەوە کۆبونەوە و بزوتنەوەیەکی بێلایەنیان بەناوی (NAM) دروست کرد. ئەم بلۆکە نەك تەنها پێکهاتبوو لە وڵاتانی ئاسیا، بەڵکو زۆربەی وڵاتە تازە سەربەخۆکانی ئەو کاتی ئەفریقیاشی لەخۆگرتبوو.

کۆلۆنیاکانی پورتوگال و ئەفریقیای باشوور دواتر لکێنرانەوە. کوبا تاکە وڵاتی ئەمریکای لاتین بوو چووە پاڵ گروپەکەوە. بە ڕژێمەکانی ئەو خێزانە چوار گروپییەی وڵاتان دەڵێم سیستەمە پۆپۆلیستییە نەتەوەییە خێزانییەکان کە بریتین لە هیندستان و میسری سەردەمی ناسر و جەزائیر و ژمارەیەك لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا.

بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە جۆرێکی دیکەی جیهانگیریمان هەبووە کە جیهانگیرییەکی فرە جەمسەر بووە و لەنێوان ئەم چوار گروپەی وڵاتان لەسەری سازاون.

لە تێڕوانینی خەڵکی ئاسیا و ئەفریقیادا، لەو کاتەدا ئیمپریالیزم ناچار بوو کۆمەڵێك سازش بکات و ڕازی بێت بە بەرنامە میللییە نەتەوەییەکانی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا و هیندستان. لە جیاتی ئەوەی وڵاتانی باشوور خۆیان بگونجێنن لەگەڵ خواست و پێویستییەکانی جیهانگیری، وڵاتە ئیمپریالیستیەکان ناچاربوون خۆیان بگونجێنن لەگەڵ خواستەکانی ئێمە. ئەوەش ئەو جیهانگیرییە بوو کە وڵاتانی ئیمپریالیستی لە لایەکەوە و وڵاتانی بلۆکی سۆسیالیستی، لەوانە یەکێتی سۆڤیەت و چین و هەروەها زۆربەی وڵاتانی باشووری جیهان، لەلایەکی دیکەوە لەسەری سازان. جیهانگیری ڕێکەوتن لەسەرکراو، کە زۆربەی جار پێی دەگوترێت ماوەی سی ساڵەی پاش جەنگی جیهانیی دووەم، سێ جەمسەری هەبوو: یەکەمیان خۆرئاوا بوو، بەتایبەتی ئەورووپا و ئەمریکای باکور و یابان، کە بریتی بوو لە جەمسەری ئەو وڵاتانەی لە ئەنجامی سەرکەوتنی چینی کارکەرەوە، بەتایبەتی سەرکەوتنی چینی کارکەر لە ئەورووپا لە شکستهێنانیان بە فاشیزم و نازیزم و سوپای سوور، کەوتبوونە خۆشگوزەرانییەوە.

جەمسەری دووەمیان بریتیبوو لە سیستمە ئەزموونکراوە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی: لەوانە مۆدێلی سۆڤیەتی و چینی و هەروەها مۆدێلی کوبایی و ڤێتنامیی سۆسیالیزم. هەروەها جەمسەری سێیەمیش بریتیبوو لە هیندستان، یاخود پارتی کۆنگرێسی سەردەمی نیهرۆ و دوای نیهرۆ، بە تایبەت سەردەمی ئیندیرا غاندی. هاوکات ئەو سەردەمە سەردەمی میسری ناسری و بەرەوپێشچوونە سۆسیالیستییەکانی زۆرێك لەو وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (خۆرئاوای ئاسیا) و ئەفریقیا بوو. هەرسێ جەمسەرەکە قۆناغ بە قۆناغ کۆتاییان هات و گەیشتن بە دوا سنووری مێژوویی خۆیان و وردەوردە هەڵوەشانەوە. هەڵوەشانەوەی هەندێکیان جەرگبڕ بوون، وەك لەبەریەکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی 1991. نەك تەنها وڵاتەکە دابەشبوو بۆ 15 کۆمار و زۆربەیان ڕوویانکردە ئەورووپا و چونە نێو یەکێتیی ئەورووپی و ناتۆوە، بەڵکو سۆسیال دیموکراسیەکەی خۆرئاواش شکستیهێنا. مەبەستم ئەوەیە شکستی کۆمۆنیستەکان لە خۆرهەڵات سەرکەوتنی سۆسیال دیموکراسی نەبوو لە خۆرئاوا. بەڵکو شکستی سۆسیال دیموکراسی خۆرئاواش بوو، کە شوێنکەوتووانی ببوونە سۆسیال لیبراڵ.

ئێستا هیچ جیاوازییەك لەنێوان حوکمڕانی سۆسیالیستی یاخود سۆسیال دیموکراسی لە ئەورووپای خۆرئاوان و حوکمڕانی ئاسایی و تەقلیدیی پارتی ڕاستڕەودا نییە. ئەمەش مانای وایە لە سەرمایەی قۆرخکاری جیهانیدا هاوپەیمانن. جەمسەری سێیەم کە ئەوەی خۆمانە بە چەند شێوازێکی جیاواز کەوت. لە هەندێ حاڵەتدا کودەتا ڕوویاندا. لەهەندێ حاڵەتی وەك هیندستان، وڵاتان بەرەو ڕاستڕەوی جوڵان و ڕازی بوون بە مەرج و ڕێوشوێنەکانی جیهانگیری لیبراڵی. ئەمە لە هیندستانی سەردەمی ئیندیرا غاندی و بەشێوەیەکی زیاتریش لە سەردەمی شوێنگرەوانی غاندی ڕوویدا. هەمان شت لە میسر ڕوویدا. لەدوای مردنی ناسر، ئەنوەر سادات (کە یەکەم کەس بوو ئەوە بڵێت) وتی ئەم سۆسیالیزمە پڕوپوچە هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە و پێویست بگەڕێینەوە بۆ سەرمایەداری و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی تر. چینییەکان لەدوای مردنی ماوتسی تۆنگ



**ئەو ئەرکە قورسەی ئەمڕۆ لەبەردەمماندایە گەڕان و هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی بەدیلێك. دەبێت لەم جۆرە جیهانگیرییە دەربچین. دەبێت جیهانگیری پێش بخرێت لە هەموو ڕوویەکەوە**

بەرێگەی جیاوازی خۆیاندا ڕۆیشتن و بەشێوازێکی کەمێ تایبەتی خۆیان ڕوویانکردە جۆرێکی نوێی جیهانگیری. ئەوە تەنها ڕێگە و ئاراستە سیاسییە تایبەتەکەی پارتی کۆمۆنیستی نییە وای کردووە دەسەڵاتی بەسەر چیندا بمێنێتەوە بەڵکو ڕێچکە تایبەتیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکەشیەتی، کە چینی لە هیندستان جیاکردۆتەوە. جیاوازیی گەورەی نێوان چین و هیندستان ئەوەیە چین شۆڕشی ڕیشەیی ئەنجامداوە؛ هیندستان هێشتا ئەوەی نەکردووە.

بۆیە کۆمەڵێك شێوازی جۆراوجۆری جیهانگیری لەئارادابوون. هەڵوەشانەوەی ئەم سێ سیستەمەش، کە پێیان دەگوترێت سۆسیال دیموکراسیی خۆرئاوا و سیستمی سۆڤیەتی و سیستەمەکەی خۆمان، ئەو هەلومەرجەی بۆ سەرمایەداریی ئیمپریالیستی ڕەخساندووە بکەوێتە بەرهەڵستی و شێوازی نوێی سەرمایەداری بسەپێنێت.

**خەسڵەتەکانی ئەم شێوازە نوێیەی سەرمایەداری چین و بە چی شێوازێك کاردەکات؟**

گرتنەبەری شێوازی پەلاماردان و بەرهەڵستی کە تادێت لەزیادبووندایە تەنها پەیوەندیی نییە بە شکستی سۆسیالیستەکان یاخود کۆمۆنیستەکان یاخود پۆپۆلیستە نەتەوەپەرستەکانەوە، بەڵکو پەیوەندیشی بەو گۆڕانکارییانەوە هەیە کە لە وڵاتە سەرمایەدارییە ئیمپریالیستەکانی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکان و ژاپۆن ڕوویانداوە. سەرمایەداریی قۆرخکار شتێکی نوێ نییە. هەروەك سۆسیال دیموکراتەکانی وەکو جۆن هۆبسۆن و ڕۆدۆڵف هیلفەردین شیکاریان بۆ کردووە سەرمایەداریی قۆرخکار لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە دەستی پێکردووە. بەڵام بۆچوونە سیاسییەکانی لینین ئەوەیان نیشان دەدا کە سەرمایەی قۆرخکار بە مانای ئەوە دێت سەرمایەداران ڕوویان کردۆتە نۆکەری و بەمەش ئەوەی لە بەرنامەدا بوو لەو کاتەدا بریتیبوو لە شۆڕشی سۆسیالیستی. لە ڕاستیدا هەموو ئەو شۆڕشە سۆسیالیستیانە لە پەراوێزی سیستمی ئیمپریالیستی جیهانیدا ڕوویاندا. ئەو شۆڕشانە لە ناوچەی نیمچە پەراوێزی وەك ڕوسیا دەستیان پێکرد و دواتر لە ناوچە پەراوێزییە ڕاستەقینەکانی وەکو ڤێتنام و کوبا ڕوویاندا. بەڵام هیچ شتێك لە خۆرئاوا ڕووینەدا. نە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و نە لە ئەورووپای خۆرئاوا یاخود یابان شۆڕشی سۆسیالیستی لە بەرنامەدا نەبوو. ئەوەندەی پەیوەندیی بە

سەرمایەی قۆرخکارەوە هەبێت، ئەویش شتێکی نوێ نییە و بە چەند قۆناغێکیشدا تێپەڕیوە. قۆناغی یەکەمی سەرمایەی قۆرخکار لە کۆتایی سەدەی نۆزدە دەستیپێکرد تاوەکو جەنگی جیهانیی دووەم؛ ئەم ماوەیەش زیاتر لە نیو سەدەی خایاند. لەم قۆناغەدا سەرمایەداریی قۆرخکار لە ڕووی خەسڵەتەوە نەتەوەیی بوو. لەو کاتەدا ئیمپریالیزمی بەریتانی و ئیمپریالیزمی ئەمریکی و ئیمپریالیزمی ئەڵمانی و ئیمپریالیزمی یابانی لەئارادابوون. ئەم هێزانە نەك تەنها وڵاتانی ناوچە پەراوێزییەکانیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، بەڵکو لەنێو خۆشیاندا شەڕیان بوو. ململانێی نێوانیان بووە هۆی هەڵگیرسانی دوو جەنگە جیهانییەکە. ئەوەی ڕوویداوە ئەوەیە لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، بە شێوەی قۆناغ بە قۆناغ و بە شێوەیەکی کتوپڕ هاوشێوەی ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان سەرمایەی قۆرخکار چووە نێو قۆناغێکی دیکەوە، کە من ناوی دەنێم قۆناغی سەرمایەی قۆرخکاری گشتێنراو. دوو شت ڕوویاندا. یەك، سەرمایەی قۆرخکار بەو ڕادەیە سەرکەوتنی بەدەستهێنا کە توانی هەموو جۆرەکانی دیکەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بداتە دەست هاوبەشە لاوەکییەکانەوە بۆ جێبەجێکردنیان، ئەوەش بەو مانایە دێت ئەو بەهایەی لە ڕێگەی چالاکی مرۆڤەوە بەرهەم دێت تا ڕادەیەکی زۆر لەلایەن سەرمایەی قۆرخکارەوە لە شێوەی کرێی ئیمپریالیستی لێی دەبڕدرێت و ئەمە لە وڵاتانی خۆشماندا ڕوودەدات. لەم جیهانگیرییە نوێیەدا، وڵاتەکانمان بانگهێشت دەکرێت بۆ ئەوەی ببنە هاوبەشی لاوەکی بۆ ئیمپریالیزم. ئەمە لە حاڵەتی هیندستاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت. شاری بەنگالۆری بە نموونە وەرگرە. ئەم شارە بۆتە ناوچەیەکی ئومێدبەخش نەك تەنها بۆ سەرمایەی قۆرخکاری بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان بەڵکو بۆ سەرمایەی قۆرخکاری ئەورووپا و یابانیش.

**ئەو ئاڵنگارییانە چین کە ئەم جیهانگیرییە دروستی کردوون بۆ وڵاتانی باشووری جیهان؟**

ئەو ئەرکە قورسەی ئەمڕۆ لەبەردەمماندایە گەڕان و هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی بەدیلێك. دەبێت لەم جۆرە جیهانگیرییە دەربچین. دەبێت جیهانگیری پێش بخرێت لە هەموو ڕوویەکەوە. لە سەرەتادا جیهانگیرییەکی کۆلۆنیاڵی بوو بۆ هیندستان و وڵاتانی دیکە. دوای سەرکەوتنەکەمان، واتە سەرکەوتنی گەلی هیند پێکەوە لەگەڵ سەرکەوتنی چینییەکان و گەلانی دیکە، ئێستا جیهانگیرییەکی ڕێکەوتن لەسەرکراو هاتۆتە کایەوە. لە ئێستادا گەڕاوینەتەوە بۆ ئەو جیهانگیرییەی پێی دەوترێت جیهانگیری لیبراڵی، کە بە شێوەیەکی تاکلایەنانە لەلایەن وڵاتانی G بڕیاری لەسەر دەدرێت، کە بریتین لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەورووپا و ژاپۆن. ئەو تەحەدییەی لەبەردەممانە ڕازیبوون نییە بەم جۆرە جیهانگیرییە. دروستکردنی خەیاڵ نییە لە بارەی ئەم جیهانگیرییەوە. سەبارەت بە وڵاتانی ئەفریقیاوە، ئەم جیهانگیرییە بە مانای تاڵانکردنی سەرچاوە سروشتییەکانیان دێت، لەوانە نەوت و گاز و کانزاکان و ئەو زەوییانەی بۆ کشتوکاڵ لەبارن. سەبارەت بە هیندستان، هاوشێوەی زۆرێك لە وڵاتانی دیکەی ئەمریکای لاتین و ئاسیای باشوور، ئەم جیهانگیرییە شێوەی دیکە وەردەگرێت. ئەم شێوازەش بریتییە لە سودوەرگرتن لە هێزی مرۆیی هەرزان و گۆڕینی ئەو بەهایانەی لە وڵاتەکانمان دروست دەکرێت بۆ قازانجی کرێی قۆرخکەری سیستەمی ئیمپریالیستی.

***جۆن بلامی فۆستەر دەڵێت**

**تەنها دوو بژاردەمان لەبەردەمە: یا سۆسیالیزم یا وێرانکاری، چونکە سەرمایەداری بە کۆتا گەیشتووە. ئێوەش باستان لەوە کردووە کە سەرمایەداری بەسەرچووە. ئایا مەبەستت لەوەیە کۆتایی سەرمایەداری دەرکەوتووە؟ چی شتێك وادەکات سەرمایەداری ببێتە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی بەسەرچوو؟**

-لە ئێستادا سەرمایەداری لە قەیرانێکی بونیادیدایە. لە ناوەڕاستی حەفتاکان، ڕێژەی گەشەی وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکانی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکان و یابان و وڵاتانی ئەورووپا دابەزی بۆ نیوەی سێ ساڵی پێشوویان. هەرگیز وەکو خۆیشیان لێنەهاتۆتەوە. ئەمەش مانای وایە قەیرانەکە بەردەوامیی هەیە و تەنانەت ساڵ بە ساڵ قوڵتر دەبێتەوە. ئەو ڕاگەیەندراوانەی کە دەڵێن وا خەریکە لە قەیرانەکە دەرباز دەبین، چونکە ڕێژەی گەشەکردن لە ئەڵمانیا و شوێنانی دیکە لە 1.2 بەرزبۆتەوە بۆ 1.3 شیاوی پێکەنینە. ئەم قەیرانە سیستماتیکییە و بریتییە لە قەیرانی L. هەروەها قەیرانی U، کە شێوازێکی ئاسایی قەیرانی سەرمایەدارییە، بەو مانایە دێت کە هەمان عەقڵییەت کە بەرەو دواوەمان دەبات لە دوای گۆڕانکارییە بونیادییە بچوکەکان، ئاستی گەشەکردن دەگەڕێنێتەوە. قەیرانی L واتە سیستەمەکە ناتوانێت لە پاشەکشەکردن بوەستێت. ئەمەش مانای وایە دەبێت سیستەمەکە بگۆڕدرێت. تەنها گۆڕانکاریی بونیادی بچووك پێویست نین. کەواتە گەیشتوینەتە خاڵێك کە سەرمایەداری بەرەو پوکانەوە دەچێت. بەڵام پوکانەوە شتێکی مەترسیدارە، چونکە سەرمایەداری بە دڵنیاییەوە بە بێدەنگی چاوەڕێی مەرگی خۆی ناکات. لەپێناو باڵادەستیی پێگەی خۆی و هێشتنەوەی باڵادەستیی ئیمپریالیستانەی وڵاتە گەورەکان، زیاتر و زیاتر دڕندەتر دەبێت. ئەوەش ڕەگوڕیشەی کێشەکەیە. نازانم مەبەستی خەڵکی چییە کە دەڵێن «مەترسییەکانی جەنگ زۆر گەورەترن لە جاران». ئایا ئەو شەڕەیە کە لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، لە ساڵی 1991 دەستی پێکرد، لەگەڵ شەڕی عێراق. لە ئەورووپاشدا، لەگەڵ هەڵوەشانەوەی یوگسلاڤیا شەڕ ڕوویداوە. ئێستاش، بە بۆچوونی من، بۆخۆمان دەبینین سیستەمی ئەورووپی دەستی بە داڕمان کردووە. وەك دەشبینن نەك تەنها لە دەرەنجامە نەرێنییەکانی سیاسەتی سکەهەڵگوشین دەردەکەوێت. ئەمەش بەدڵنیاییەوە نەك تەنها بۆ خەڵکی شتێکی نەرێنییە، بەڵکو تەنانەت بۆ سەرمایەدارییش نەرێنییە، چونکە ئەو سیاسەتی گەشەکردنە، یان بڵێین گەشەی سەرمایەداریی ئیمپریالیستی، ناگەڕێننەوە. بە هیچ شێوەیەك نایگەڕێننەوە. لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك هەنگاوی سیاسی نراون کە هیچیان وەڵامدەرەوەی ئاڵنگارییە ڕاستەقینەکانی وەك جیابوونەوەی بەریتانیا نین. ئەمە لە ئیسپانیا و کەتەلۆنیاشدا دەبینرێت و لە ئایندەشدا ئەو جۆرە وەڵامدانەوانە زیاتر و زیاتر دەبینرێن. لە داهاتوودا ئەمە لە حکومەتی شۆڤێنیستیی ئەوپەڕ کۆنەپەرستی ئەورووپای خۆرهەڵاتدا دەبینین.

لێرەوە ناتوانین قسە لەسەر چۆنیەتیی ڕێگریکردن لە شەڕ بکەین، چونکە شەڕ و هەلومەرجە ئاڵۆزەکان بوونەتە نیشانەی ئەم سیستەمە کە لە هەڵوەشاوەنەوەدایە.

***یەکێك لە دیاردە هەرە گرنگ و جێ مەترسییەکانی جیهانگیریی لیبراڵ بریتی بووە لە زیادبوونی زیاتر و زیاتری نایەکسانی کە لە مێژوودا نموونەی نەبووە. ئابووریناسانی وەك تۆماس پیکێتی و ئەوانی دی بە شێوەیەکی ئەزمونی کاریان**

**لەسەر قەبارە و گەورەیی ئەم دیاردەیە کردووە. پیکیتی دەڵێت باجی سەرمایەی جیهانی یاخود سیاسەتی پێشکەوتووی باجدانان ڕێوشوێنێکە بۆ چاودێریکردنی ئەم نایەکسانییە. ئایا پێت وانییە ئەم چارەسەرە لە سەرمایەداریدا سەربگرێت؟**

ئەم داتایانە ڕاستن یاخود لانیکەم دەکرێت باشترین بن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شیکارییەی کە کراوە، لە پاش باسکردنی ئەو دیاردەیەی کە دەرهاویشتەی ڕاستییە سەلمێنراوەکەیە (کە ئەویش زیادبوونی خێرای نایەکسانییە لە 50 ساڵی ڕابردوودا)، وەك شیکارییەکی لاواز دەمێنێتەوە. ئەوەی کە دەڵێت نایەکسانی لە هەموو جێیەك لەزیادبووندایە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە. ئایا ئەو نایەکسانییە تەنها یەك هۆکاری هەیە؟ ئایا شێوازی زیادبوونی نایەکسانی لە هەموو وڵاتاندا وەك یەکە؟ ئەی ئەگەر شێوازی جیاوازی نایەکسانی بوونی هەیە، بۆچی وایە؟ بۆ نموونە ڕاپۆرتی (نایەکسانیی جیهانی) ساڵی 2018 کە لەلایەن تۆماس پیکیتی و گابرێڵ زوکمان و ئیمانوێڵ سەیز و لوکاس چانسێڵ و فاکوندۆ ئەلڤارێدۆوە ئەنجام دراوە، ئەو جیاکارییەی نەکردووە کە بە لای منەوە گرنگە، واتە لە لایەکەوە



*Joseph Stiglitz*

جیاکاریکردن لەنێوان حاڵەتەکانی نایەکسانی لەگەڵ بوونی گەشەی داهاتی تەواوی دانیشتوان یاخود زۆرینەیان، لەلایەکی ترەوە جیاکاریکردن لەنێوان حاڵەتەکانی نایەکسانی لەگەڵ بوونی هەژاریی لەنێو زۆرینەی دانیشتواندا.

لەم ڕووەوە بەراوردکردنی چین و هیندستان بەیەك زۆر گرنگە. لە چین گەشەی داهات لەنێو کۆی دانیشتوانی وڵاتەکەدا هەبووە ئەگەرچی ئەو گەشەکردنە بۆ هەندێك زیاتر بووە و بۆ ئەوانیتر (واتە زۆرینەی دانیشتوان) کەمتر بووە. بۆیە زیادبوونی نایەکسانی لە چین هاوکات بووە لەگەڵ کەمبونەوەی هەژاری. ئەمە لە هیندستان و بەڕازیل و نزیك بە هەموو وڵاتانی دیکەی باشووری جیهان ڕوونەداوە. لەم وڵاتانەدا گەشەکردن (لە هەندێک حاڵەتدا گەشەی زۆر گەورە) تەنها سوودی بە کەمینەیەك گەیاندووە (بۆ نموونە لە غینیا سودی بە لە سەدا یەک گەیاندووە و لە وڵاتانی دیکەی وەکو هیندستان سودی بە لە سەدا بیست گەیاندووە). بەڵام زۆرینە، کە لە هەژاریدا بوون، سودیان لەم گەشەکردنە وەرنەگرتووە. هەندێن ئاماژە هەن لەم ڕووەوە نەیانتوانیوە ئەم جیاوازییە نیشان بدەن، بە نموونە ڕێبەریی هێڵکاریی جینی. ڕەنگە چین و هیندستان هەمان هێڵکارغی جینییان هەبووبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا مانا کۆمەڵایەتیەکەی هەمان دیاردە (زیادبوونی نایەکسانی) زۆر جیاوازە.

دووەم شت ئەوەیە ئەو سیاسەت و پێشنیارانەی تیمەکە خستویانەتەڕوو سنووردارن و تەنانەت ڕەنگە بێماناش بن. بە دڵنیاییەوە سیاسەتی پێشکەوتووی باجدانان جێی پێشوازی لێکردنە. بەڵام تاوەکو لە ڕێگەی گۆڕانکاری گرنگ لە سیاسەتە ئابوورییە گشتییەکەوە پشتیوانیی لێ نەکرێت، کاریگەریی دەرەنجامەکانی هەر سنووردار دەبن. سیاسەتی پێشکەوتووی باجدان پێکەوە لەگەڵ بەردەوامبوونی سیاسەتی بەناو «لیبراڵی» کە ڕێگە بە سەرمایە (سەرمایەی قۆرخکەر) دەدات ئازادانە کاری خۆی بکات، بەرهەمی کەمی هەیە. زیاد لەوەش، ئەو حوکمڕانانەی کە لە خزمەتی ئەم سەرمایە قۆرخکارەدان ئەمە بە «مەحاڵ دەزانن» و بەوەش ڕەتی دەکەنەوە. دەکرێت هەمان شت بگوترێت بۆ دانانی کەمترین بڕی کرێ. ئەمە بە دڵنیاییەوە جێی پێشوازییە بەڵام تا ئەو کاتەی سیاسەتی گشتیی ئابووریی لیبراڵی جێبەجێ بکرێت، کاریگەرییەکەی هەر سنوردار دەبێت. دواتر هەڵاوسان زیان بە کرێ دەگەیەنێت و واقیعیبوونی کەمدەکاتەوە. ئەمە ئەو بەڵگەیە کە لیبراڵەکان بەکاری دەهێنن بۆ ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی کەمترین کرێ لە ڕێگەی یاسادانانەوە. دەبێت توانای دەستگەیشتنی یەکسانتر بە پەروەردە و تەندروستی ببێتە ئامانجی هەر سیستمێکی شەرعیی حوکمڕانی کۆمەڵگا. زیاد لەوە، ئەوە پێشمەرجە بۆ سەرهەڵدانی هەر هەوڵێکی جددی. بەڵام ئەو جۆرە بژاردەیە بە مانای زیادبوونی خەرجیی گشتی دێت و لیبراڵیزمیش ئەو جۆرە زیادبوونە قبوڵ ناکات. لێرەوە هەوڵدان بۆ پێشکەشکردنی «کاری باشتر» بەبێ پشتگیری سیاسەتی سیستماتیکی پەیوەست بە پرۆسەی بەپیشەسازیکردن و بەمۆدێرنکردنی کشتوکاڵی خێزانی دەستەواژەیەکی بۆشە. چین بە شێوەیەکی بەشەکی هەوڵ بۆ ئەوە دەدات، بەڵام هیندستان نا.

لیبراڵەکان پێداگری لەسەر کەمکردنەوەی قەرزی گشتی دەکەن. نووسەرانی ڕاپۆرتەکە پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت زیادبوونی قەرزی گشتی ڕوون بکرێتەوە: ئەوەی کە ئایا لە دەرەنجامی چ سیاسەتێکەوەیە؟ من دان بەوەدا دەنێم ئەم زیادبوونە بێ هیچ ئەملا و ئەولایەک دەرەنجامی

سیاسەتی لیبراڵییە. تەنانەت شتێکە داواش دەکرێت چونکە هۆکارە بۆ زیادکردنی دەرفەتی سەرمایە بۆ وەگەڕخستنی دارایی. سێیەم، هەروەک نووسینەکانی دیکەیان نیشانی دەدات و من بۆ خۆم ئاگاداریانم، سەرپەرشتیارانی پرۆژەکە هەموویان ئابووریناسی لیبراڵن. ئەمەش مانای وایە ئەوان پرسیار لە دوو مەسەلە ناکان کە بە لای منەوە چارەنوسسازن: یەک، ئەوان باوەڕیان بە نیعمەتی بازارێکی ئازادی کراوە هەیە کە تا بکرێت کەمتر لە ڕێگەی دەستتێوەردانی سیاسییەوە ڕێکبخرێت. دوو، ئەوان باوەڕیان وایە هیچ بەدیلێک نییە بۆ جۆرە جیهانگیرییەکی کراوە کە بە شێوەیەکی ئەوپەڕ ئازاد ڕێگە بە جولانی سەرمایە لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەدات و ئەوەش پێشمەرجە بۆ بەرەوپێشچونی جیهان و لە کۆتاییشدا وڵاتە هەژارەکان وابەستە دەبن بە وڵاتە زیاتر پێشکەوتووەکان. ئەوان باشترین «ریفۆرمیست»ن بە لای جۆزێف ستیگلزەوە. ئەوان باوەڕی بەهێزیان بەوە هەیە کە وڵاتە هەژارەکان دەتوانن لە ڕێگەی پەیڕەوکردن و تەنانەت قوڵتر تواندنەوەی خۆیان لەنێو سیستمی سەرمایەداریی جیهانیدا خۆیان ببەستنەوە بە وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت پێنج سەدەیەك لە بەرەوپێشچوونی نایەکسانیی بەردەوام و قوڵبووەوە لە مێژوودا وابکات ئەم گریمانەیە بخەینە ژێر پرسیارەوە.

***ئەی پێشنیاری تۆ چییە بۆ چاودێریکردنی ئەم زیادبوونە مەترسیدارەی نایەکسانی؟**

-دەبێت ئەو ڕاستییە بڵێم سەرمایەداری بە دیاریکراوی دژی هەر هەوڵێکە بۆ دارشتنی سیاسەتێکی ڕاستەقینەی گەشەکردن (بە نموونە گەشەکردنێك کە سوودی بۆ تەواوی خەڵکی هەبێت) بۆ ئەوەی لانیکەم وەك خۆی بمێنێتەوە. هەر کۆمەڵگەیەك (بە دەسەڵاتی دەوڵەت و خەڵکەوە) ئامانجی ئەوەبێت دەربکەوێت، ناتوانێت خۆی لابدات لە: (1) چوونە نێو پرۆسەی بونیادنانی سیستەمێکی پیشەسازیی تەواوکاریی نوێ کە لەسەر بنەمای خواستی ناوخۆیی خەڵك دامەزرابێت، (2) مۆدێرنکردنی کشتوکاڵی خێزانی و زامنکردنی سەروەریی خۆراك، (3) پلاندانان بۆ لێکبەستنەوەی ئەو دوو ئامانجەی سەرەوە لە ڕێگەی سیاسەتێکی نالیبراڵیی بەردەوامەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت بە هێواشی بیر لە چوونە سەر ڕێگەی سۆسیالیزم بکرێتەوە.

جۆرە سیاسەتێکی وا، لە لایەکەوە ئەوە دەخوازێ بازار ڕێکبخرێتەوە و لە لایەکی دیکەوە جیهانگیری کۆنترۆڵ بکرێت، واتە هەوڵ بدرێت ڕووبکرێتە شێوازێکی دیکەی جیهانگیری و هەتا دەتوانرێت کاریگەریی نەرێنی هێزە هەژموونکارەکان کەم بکرێتەوە. تەنها جۆرە سیاسەتێکی وەها دەتوانێت هەلومەرج بڕەخسێنێت بۆ لەناوبردنی هەژاری لە کۆتاییشدا کەمکردنەوەی نایەکسانی. چین بە شێوەیەکی بەشەکی لەسەر ئەم ڕێگەیە؛ بەڵام وڵاتانی دیکەی باشوور نەچونەتە سەر ئەم ڕێگەیە. بەبێ بوونی جۆرە ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵی وەها لە لیبراڵیزم، قسەکردن لەسەر هەژاری و نایەکسانی تەنها گوتار و ئومێد خواستنە. گوتارەکە نەیتوانیوە لەوە زیاتر تێپەڕێت.

***بە گشتی باس لەوە دەکرێت ئەوەی بە درێژایی هەژموونی لیبراڵەکاندا بینیومانە بریتی بووە لە پاشەکشەی دەوڵەت و پاشەکشەکردن لە ڕێوشوێنەکانی خۆشگوزەرانی و ڕێوشوێنەکانی پاڵپشتیکردنی خەڵك. بەڕای تۆ وایە؟ ئایا ئەوە پاشەکشەیە یاخود چوونە پاڵ سەرمایەی دارایی؟ دەوڵەت لە سیستمی لیبراڵیزمی نوێدا چۆن کاردەکات؟**

-ڕاستیەکە ئەوەیە سەرمایەی

قۆرخکەر تەنانەت لە وڵاتە ئیمپریالیستەکانیشدا پێویستی بە ماشێنی دەوڵەت هەیە. دەوڵەتیان هێناوەتە ژێر باری خۆیانەوە تاوەکو خزمەتی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بکات. دەتوانیت ئەمە لە شێوازی بەکارهێنانی حکومەت لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە لە ئەمریکا و هەروەها لە دەوڵەتانی وەکو بریتانیا و فرەنسا و ئەڵمانیادا هەستی پێبکەیت. بۆیە ئەوەی دەگوترێت هێزەکانی بازاڕ شوێنی دەوڵەتیان گرتۆتەوە شتێکی بێمانایە.

***چۆن لە قەیرانی جیهانگیریی لیبراڵیزمی نوێ دەرباز ببین بۆخۆی پرسیارە. تۆ پێشنیار دەکەی وەك بناغەیەك و ئەجێندایەکی بنەڕەتی هەر سیاسەتێکی ئابووریی جێگرەوە، خۆمان دابڕین لە جیهانگیری. چۆن دوور بکەوینەوە لە گێژاوی جیهانگیری؟ ئەگەر بوێرین خۆمان دابڕین، ئەوە ئەو جۆرە ئابوورییە سەرمایە بەرهەمدێنێت. چۆن دەتوانین بەرەورووی ئەم هەڕەشەیە ببینەوە؟ پێشنیاری کردەیی تۆ چییە بۆ ئەو وڵاتەی کە بوێریی ئەوەی هەیە خۆی لە جیهانگیری دابڕێت؟**

-وەك دەزانیت خۆدابڕین درووشمە. من وەك درووشم بەکاری دەهێنم. کێشە ڕاستەقینەکانی خۆدابڕین هەمیشە کێشەی ڕێژەیی بوون. تۆ ناتوانیت بە تەواوی یاخود لە سەدا سەد خۆت دابڕیت. بەڵام وڵاتە زەبەلاحەکانی وەکو چین و هیندستان و هەندێ وڵاتی دیکە دەتوانن تاڕادەیەکی گەورە، بۆ نموونە لە سەدا 50 یاخود لە سەدا 70 خۆیان دابڕن. یەکێتیی سۆڤیەت و چین لە سەردەمی ماودا توانییان لەسەدا 80 یاخود 90 خۆیان دابڕێنن. لەگەڵ ئەوەشدا بازرگانییان لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاوا و وڵاتانی دیکە هەبوو. خۆدابڕین بە مانای ئەوە نایەت تەواوی جیهانت بیر بچێتەوە و بەرەو مانگ بچیت. کەس ناتوانێت ئەوە بکات و ئەنجامدانی کارێکی ناعەقڵانییە. خۆدابڕین تەنها مانای ئەوەیە ئیمپریالیزم ناچار بکەیت بە مەرجەکانت یاخود بەشێك لە مەرجەکانت ڕازی بێت. کاتێك بانکی جیهانی باسی چاکسازی دەکات، هەمیشە تێڕوانینێکی تاکلایەنەی بۆ چاکسازی هەیە.

ئەوەی لەمڕۆدا لە وڵاتەکەی ئێوە دەیبینین ئەوەیە هیندستان لەسەر داوای ویلایەتە یەکگرتووەکان چاکسازی دەکات. بەڵام هیندستان دەتوانێت لەبەر خاتری ئیمپریالیزم چاکسازی نەکات. نیهرو لە سەردەمی حوکمڕانیی خۆیدا هەوڵی بۆ ئەمە دەدا. ئەمەش لەوە زیاتر نییە کە حکومەتی ئێستای مودی هەوڵی بۆ دەدات. بۆیە دەبێت بگەڕێینەوە سەر بیرۆکەی خۆدابڕین. دەشتوانن. بواری ئەوەتان هەیە. گومانی تێدا نییە زۆربەی جار ڕاستە دەوترێ هەندێ وڵاتی بچووکی ئەفریقیا و ئەمریکای ناوەندی و هەندێ ناوچەی ئاسیا بە لایانەوە قورسترە خۆیان دابڕن لەوانیتر.

بەڵام ئەگەر بمانەوێت ژینگەیەکی دیکە بڕەخسێنینەوە بۆ جوڵانەوەی وڵاتە بێلایەنەکان، ئەگەر بمانەوێت هەماهەنگییەکی سیاسی لەنێوان وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین دروست بکەین، ئەوە ئێمە کەمینە نین. ئێمە لە سەدا 85ی مرۆڤایەتی پێکدەهێنین. دەبێت لە چەند دەیەیەکی کەمدا نمایندەی زیاتر لە سەدا 85ی جیهان بکەین. بۆیە ئەوەندەش لاواز نین. ئێمە دەتوانین خۆمان دابڕین، دەتوانین بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە و بە ڕێژەی جیاواز و بە گوێرەی نەك تەنها قەبارەمان، بەڵکو بە گوێرەی بلۆکە سیاسییە جێگرەوەکەمان، کە ببێتە شوێنگرەوەی ئەو بلۆکە ئیمپریالیستانەی لەمڕۆدا وڵاتەکانمانیان کۆنترۆڵ کردوە، خۆمان دابڕین.

***تێڕوانینێك لای زۆربەی خەڵكی هەیە كە دەڵێت هەریەك لە كۆلۆنیالیزم لە سەرەتادا و دواتریش جیهانگیری و بەستنەوەی ئابووری وڵاتانی جیهانی پەراوێزی سێ بە بازاڕی جیهانییەوە یارمەتیدەر بوون لە هێنانی مۆدێرنە بۆ ئەم كۆمەڵگایانە. سەرۆك وەزیرانی پێشووی هیندستان مانمۆهان سینخ سوپاسی بەریتانیای كرد بۆ هێنانی هێڵی ئاسنی و شتی دیكە بۆ هیندستان. لەمڕۆدا تەنانەت خەڵكانی وەكو سلاڤۆی ژیژەك ترسی ئەوەیان هەیە خۆدابڕین ببێتە هۆی هێنانە كایەی پەرچەكرداری دەرەبەگایەتی لەم كۆمەڵگایانە. ڕێچكەی جێگرەوەی تۆ بۆ مۆدێرنە چییە؟ ئایا كۆمەڵگاكان دەتوانن بەبێ چونە نێو قۆناغی گەشەی سەرمایەدارییەوە مۆدێرن ببن.**

-كاتێك بەڕێز سینخ سوپای بەریتانیای كرد بۆ هێنانی هێڵی ئاسنی و شتی دیكە، بەشێكی زۆر بچووك و كورتی واقیعەكەی باس كرد. لەكاتێكدا بەریتانیا پیشەسازیی هیندستانی وێران كرد، كە زۆر لەوەی بەریتانیا پێشكەوتووتر بوو. ئەو پیشەسازییە وێرانكرا. لە هەمان كاتدا هێزە كۆلۆنیالەكانی بەریتانیا دەسەڵاتی ئابوورییان بەخشییە ئەوانەی كە دەسەڵاتی سیاسییان هەبوو.

زەویدارەكان، ئەوانەی كە لە سەرەتاوە خاوەنی زەوی نەبوون، بەڵام لە هەرێمە شازادەنشینەكان باج و سەرانەیان لە خەڵكە جوتیارەكە وەردەگرت، بە هۆی حوكمڕانیی



*Mohandas Karamchand Gandhi*

بەریتانیاوە بوونە خاوەن زەوی. بەم شێوەیە چینی خاوەن زەوییە گەورەکان لە ناوچەی بەنگال لە خۆرهەڵات و لە ناوچەی پونجاب لە باکووری خۆرئاوا و هەروەها لە بەشەکانی خۆرئاوا و باکووری هیندستان دروست بوو. ئەمانە زەویشیان زەوت دەکرد. بەڕێز سینخ دەبوو ئەوەی لەبیربوایە کە بەریتانیا تەنها هێڵی ئاسنی نەهێنا، بەڵکو بە شێوازی جیاواز دڕندەیی و وێرانکاری و چەوساندنەوەشی هێنایە ناو هیندستانەوە.

پێویستە جۆری مۆدێرنێتە بناسین. مۆدێرنەی سەرمایەداری یاخود مۆدێرنەی سۆسیالیستی: هەردووکیان هەر مۆدێرنەن. ناتوانین هەروا بە سادەیی باسی مۆدێرنە بکەین و بڵێین پێکەوە بەستنەوەی جیهان مۆدێرنە دێنێتە کایەوە. لەوانەیە ئامێری مۆبایل بهێنێتە هیندستانەوە، بەڵام ڕەنگە هەژاری بخاتە نێو سەدا هەشتای هیندییەکانەوە و ئەوەش شتێکی بچوك نییە. بۆیە پێویستە سنورێك بۆ مۆدێرنە دیاری بکرێت. چیمان دەوێت؟ بە دڵنیاییەوە مۆدێرنەمان دەوێت. پێویستیشە لەوە تێبگەین خۆدابڕین ڕێڕەوێك نییە، یاخود گەڕانەوە نییە بۆ هیندستانی کۆنی سەردەمی کۆڵۆنیالی. بەڵکو هێنانی شێوازێکی نوێی مۆدێرنەیە بۆ هیندستان و هەروەها شوێنانی دیکە.

***لە وتارەکەتدا بە ناوی «گەڕانەوەی فاشیزم بۆ نێو سەرمایەداری هاوچەرخ» دەڵێیت قەیرانی سەرمایەداریی هاوچەرخ هەلومەرجی لەبار دەڕەخسێنێت بۆ گەڕانەوەی فاشیزم بۆ جیهانی ئێستا. ئەمە لە سەرهەڵدانی هێزە ڕاسترەوە جۆراوجۆرەکان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان بە ڕوونی دەردەکەوێت. ئایا مەبەستت لەمە دووبارەبونەوەی فاشیزمی کۆنە؟**

-سیستەمی جیهانگیریی لیبراڵ ناتوانێت بمێنێتەوە. ئەم سیستەمە بەرەنگارییەکی زۆر دەخولقێنێت، بەرەنگاریی قارەمانانە لە باشووری جیهان، کە چینیش لە هەوڵی گەمەکردندایە لەگەڵی. ئەم سیستەمە کێشەی گەورەی بۆ خەڵکی ویلایەتە یەکگرتووەکان و یابان و هەروەها ئەورووپا دروست کردووە. بۆیە توانای ئەوەی نییە بمێنێتەوە. لەبەرئەوەی توانای ئەوەی نییە بمێنێتەوە، سیستەمەکە بە دوای فاشیزمدا دەگەڕێت وەك وەڵامێك بۆ لاوازبوونی بەردەوامی خۆی. لەبەرئەوەیە فاشیزم لە خۆرئاوا دەرکەوتۆتەوە. هەروەها هەناردەش کراوە بۆ وڵاتانی ئێمە. تیرۆریزم بە ناوی ئیسلامەوە جۆرێکە لە فاشیزمی ناوخۆیی. لەمڕۆشدا پەرچەکرداری هیندۆسەکان لە هیندستاندا دەبینین. ئەوەش جۆرێکە لە فاشیزم.

لەگەڵ ئەوەی هیندستان وڵاتێکە زۆرینەی خەڵکەکەی شوێنی ئایینی هیندۆسی کەوتوون، بەڵام ئەوانەشی کە وابەستە نیین بە ئایینی هیندۆسییەوە بە یەکسانی قبوڵ کراون. ئێستا ڕژێمی نوێی هیندستان کە من پێی دەڵێم نیمچە فاشیزمی نەرم، نەك نەرم بۆ هەموو کەس، دەتوانێت سەختتر و سەختتر لەگەڵ گەلی هیند هەنگاو بنێت. هەموو وڵاتانی جیهانی ئیسلامی لە هەمان بارودۆخدان، هەر لە پاکستانەوە بۆ عێراق و سوریا و میسر و جەزائیر و مەغریب و ئەوانی دیکە. ئەو دۆخە خەریکە لە چەندین وڵاتی دیکەش دروست دەبێت.


سەرچاوە:

https://frontline.thehindu.com/other/there-is-a-structural-crisis-of-capitalism/article10107168.ece